کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-4-2007 20:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ زمانە یەکگرتوەکانی هونەری و کەلتوری و دیرۆکی چیمان کردوە؟ ... خالید هەرکی



بۆپێکەوەنان و دابین کردنی ئامراز وکەرەستەکانی پێداویستیی مال رێمان بە هەمو کوچەو کۆلانێک دەکەوێ هەر لە کەرەستەی پێخەو تا کەرەستەی حەوانەوە وخواردن وپولو چەندین ئامرازو پێداویستیی تر. گەر لەم روانگەیەوە سەیری ناومالە مەزنەکەی خۆمان بکەین ئەوسا دەزانین کە چیمان هەیەو چیمان پێویستە. ئەو ساتەی کەمندال بوم گەلێ جار لە مەزنە کانمان دەبیست، بەتاییەتیش لە باوکم کە دەیوت کەس لە کورد زیرەکتر نیە، هیچ شوێنێکیش لە کوردستان خۆشتروجاونتر نیە دیسان هیچ میلەتێکیش لەکورد بەجەرگتر وبە غیرەت ترو دیسان دەولەمەندتر... و.. چەندینیترنیە. بەلام کاتێک رۆژگار هات ورۆیشت چەندین میلەتی ترو چەندین وولاتی ترمان بینی، ئەوسا لەگەل ریزم بۆ وتەکەی مەزنانمان و ئەو مەبەستەی لە پەنای وتەکانیانەوەبو، بینیم کە ئەم جارەش دەیلێمەوە لەگەل ریزی بێ سنورم بە خۆشەویستی و پەروەریەوە بۆ خۆی و خاکەکەی، ئێمە لە ریزی دواوەی میلەتانین لە روی دلسۆزیمان بۆ خاک ومیلەتەکەمان هەروەها لەروی ئازایەتیش، ئەمەیان بۆ میلەت بۆ سروشتیش ئەگەر چی دوشمن بە بەرنامەوە کاری بۆ تێکدان وشێواندنی سیماو جوانیی کوردستان کردوە بەلام دیسان ئەوەی وولاتانی دەرەوە ببینێ ناتوانێ کوردستان بە یەکەم وولات ئەژمار بکات لەروی جوانی یەوە. ئەم قسانەم بۆ ئەوە نیە نەلە خۆشەویستی وولات کەم کەمەوە و نە لە قودسیەتی مەزنی کەسایەتیی کور د دابەزێنم تەنها بۆ ئەوەمە کە ئێمە کوشتەی لەخۆبایی بون وفشەکەرین.

لەگەل ئەم هەمو دەردەسەری وکارەسات ونەهامەتیەی بەسەر هەمو خێزانێکی کورد هاتوە بەراشکاویەوە دەلێم ئێمە لە تورکەکان فێری کوردایەتی دەبین.

مرۆڤ ئەوکاتەی ئاوارەدەبێ لەهەمو کەس هەست ناسک تر ودلسوتاوتر دەبێ بەتاییەت بۆ میلەت وولاتەکەی، گەنجەکانمان لە ئەوروپا ئەوەندەی لە دایک وباوکیان فێری کوردایەتی دەبن دو ئەوەندە لە داخ مندالە تورکەکان کورد بونی خۆیان دەسەلمێنن و داکۆکی لە نەتەوە وولاتەکەیان دەکەن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی سەرەرای ئەوەی ئەوان خاوەن ولات وناسنامەی نەتەوایەتی ونیشتمانیی خۆیانن لەگەل ئەمەش زیاتر لە ئێمە پێیەوە دەنازن و ئێمەی پێ دە قەهرێنن لە بۆنە وکۆمبونەکان ئالا کەیان بەرز دەکەنەوە، لە کاردانەوەی ئەمە گەنجانمان جۆش دەدرێن کار لە دەماریان دەکات.

ئەگەر زمانی کوردی بەقەدەر ئەوە شیرن بێ کە باوکم بۆمانی باس دەکرد ئەی بۆ ئەوانەی چەند سالێک بەئاوارەیی لە ئێران ماونەتەوە چەندین سالە گەراونەتەوە بۆ زێدی خۆیان کەچی تا ئێستاش ئامادەنین دەسبەرداری کەلتوری دوشمن بن بە شنازیەوە لە دوکان و فەرمانگەکان پێی دەدوێن وەکوئەوەی شتێکی بەدەر لەم خەلکە بزانن. ئەوان هەست بەوە ناکەن کە بەقسەپێکردن خزمەتێکی زمانی فارسی دەکەن و لەبەرامبەریشیەوە کار بۆ پەراوێز کردنی زمانە بەناو شیرینەکەیان دەکەن؟ لە ئەوروپا بەهەسرەتم مندالێکی تورک یا گەنجێکیان ببینم بە زمانی ئەو ولاتە لەگەل یەکتر قسەی پێ بکەن. لەبەرامبەریشی چەندین شاعیرو رەوشەنبیری کوردیمان هەن کە لەمالەوە بە زمانی بێگانە لەگەل مندالەکانیان دەدوێن چەندین لێپرسراومان هەن کە مندالەکانیان کاتێک دێنەوە کوردستان دەبێ وەرگێریان لەگەل بێ دەنا پەکیان دەکەوێ. جارێکیان خێزانی کورە نوسەرێکمان بەستەزمانە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

زۆری هەول دەدا کە بەهۆلەندی لەگەل مندالەکەی قسە بکات بەلام مندالەکە لێی تێنەدەگەیشت، ووتم براژن خۆمندالەکە بای ئەوەندە تێدەگا بەکوردیەکە پێی بلێ. ووتی نا کوردی دەزانێ بەلام دەمەوێ هۆلەندیەکە فیربێ ئێمە تازە کوردستانمان بۆچیە؟ دەبێ کار بۆ خۆ تیکەلاوکردن بکەین دەنا نامۆ دەبین. (ئەی قوربانی ئەقلی خۆت وپیاوەکەت بم. ) ئەی کەوایە زمانە شێرینەکە ودلسۆزیەکەمان لەکوێ یە؟

گەر چاوێکیش بەم 16 سالەی رابردوماندا بخشێنینەوە دەبێ لێپێچانەوەیەک لەگەل خۆمان و دەسەلاتەکەمان بکەین.

مەرجەکانی میلەت چین ئەگەر لەماوەی شاژدە سالی رابردو دا نەمان توانیبێ زمانێکی یەکگرتو بۆ نوسین بۆ خوێندنەوە وبۆ پێ پەیڤین دروستکەین نەمان توانیبێ زمانی مۆسیقای کوردی جلی فەرمیی یەکگرتوی ژنان وپیاوان بۆ فەرمانگە حکومیەکان دیاری بکەین نەمانتوانیبێ لەسەر چەندین یەکگرتوی تری کوردی یەک وکۆک بین بۆ ئەوەی کاتێک میلەتان گوێبیستی یا بە بینینی راستەو خۆ بزانن ئەمە مۆری کوردیە وهەر کەسە وهەر میلەتەی لاسایی بکا تەوە بە لاساییکەرەوە دەژمێردرێت دەستدرێژیە بۆ سەر مومتەلەکاتی ئەم میللەتە، نە چاوی رەقیبمان لێوەدیارە ونە سانسۆری دوژمن. ئەمانە دەرفەتێکن تا بەدرەنگ وەخت بێنەدی کاروانیان لەپاشتر وبەدرەنگ بەئامانج دەگەن.

ئەمانە لەروی کەلتور وسامانی نەتەوایەتی، دیسان بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوایەتی کە ئەمەشیان دەبێ لەوی بەرایی زیاتر بە هەمئاهەنگی و بریاری سیاسیەوە بێ کە لەم روەشەوە دەتوانم بلیم هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆ نەهاویشتراوە تا مرۆڤ ئومێد بەخش بێ.

بە هۆی ئەم بەلگانەو چەندین بەلگەو وردەکاریی تر ی ئەم بابەتە دەبێ لەخۆمان بایی نەبین کاری زۆرمان لەپێشە ئەرک وماندو هیمەتی زۆری گەرەکە بۆ ئەوەی بتوانین بەلەمەکەمان لە زێ بپەرێنینەوە.

خالید هەرکی ... . هۆلەندا
www. serben. com
khalidherki@chello. nl

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.